پێشەکیەکی کورت :

تێک و پێکچون و لە بەر یەک هەلۆەشانەوەی دەولەتی عێراقی دەرگایەکی ئومێد بەخشی بە سەر دلی تاک و کۆی ئینسانی کوردی دا کردەوە . بە هیوای ئەوەی ئەمجارەیان بە سوود وەرگرتن لە شکستەکانی پێشوی دەبێتە خاوەن کیانی سیاسی خۆی , ئەویش بەپێکهێنانی دەولەتێکی سەربەخۆ .
بەلام خەریکە وردە وردە ئەو خەونە دەکرێتە قوربانی کۆمەلێ مەرامی حزبی . هێزە دەسەلاتدارەکانی کوردستان بوونەتە بەشێکی سەرەکی لە پێکهێنان و دروست کردنەوەی دەولەتی عێراقی , بەبێ ئەوەیی هیچ قسەیەکی ڕۆشن لەسەر کوردستان کرابێ .دەولەتی عێراق ڕۆژ بەڕۆژ سەقامگیر تر دەبێ , ئەوەتانێ پرۆڤەکانی سوپای نوێێ عێراقی لەتوانەوەو پاشەکشەپێکردنی هێزەکانی سەدرو تێکشکانی گروپە ئیسلامییە توند ڕەوەکانی سێ کوچکەی سونی نشین . هێزو ئینێرژیەکی زیاتریان پێدەبەخشێ بۆ جێبەجێکردنی پەیامەکەی "غازی یاوەر" , بۆ لە خوێن گەوزانی بزوتنەوەی سەربەخۆی کوردستان . بۆیە ئێمە" مالپەری دەنگەکان" بەباشمان زانی پرسیارێک لەو بارەوە بخەینە بەردەست کۆمەلێ لە ڕۆشنبیران و نووسەرانی گەلەکەمان .

## ریفراندۆم تەنها ریگایەکە بۆبەستنی دەستی "یەکیتی و پارتی" تا چیتر یاری بەچارەنوسی خەلکی کوردستان نەکەن.

لەوەلام بە پرسیاریکی سایتی دەنگەکاندا



خەسرەو سایە
k.saya@ukonline.co.uk

**ئەمرۆ زەمینەیەکی رەخساو و لەبار بۆکورد فەراهەم بووە تابتوانێ چارەنوسی خۆی لەجیابوونەوە و پیکیهنانی دەولەتی سەربەخۆ دیاری بکات . ئایا پیت وانییە سەرکردایەتی کورد لەپیناو بەرژەوەندی حیزبی و بنەمالەیی ریگرە لەبەردەم ئەم خواستەی کورد و خەریکە ئەم دەرفەتە لەدەست دەدری، بەبروای تۆ چ هەنگاویك پیویستە (چ بکریت باشە) تا کەلك لەم دەرفەتە میژوویییە وەرگرین؟**

میژووی چەند دەیەی رابردووی خەلکی کوردستان، بەهەموو ئەوکارەسات و دەرد و مەینەتییانەی کەبەسەریان هاتووە و بەهەلکەوتنی دەیان فرسەتی گونجاو بۆ چارەسەری کیشەکەیان، ئەوە دەسەلمینی کەحسابی ئەحزابی ناسیونالیستی کورد، لەوانەش یەکیتی وپارتی لەگەل حسابی خەلکیدا جیاوازە و بگرە پیچەوانەی یەکترن.
ناسیونالیزمی کورد و حیزبەکانی کەستەمی نەتەوایەتیان کردۆتە سەرمایەیەکی سیاسی هەمیشە سیاسەت و هەلسوکەوتیان لەراستای چارەسەری کیشەی کورددا، بەمەرجی ئیمتیاز وەرگرتن و گەیشتن بەدەسەلات و بەرژەوەندییەکانی خۆیانەوە گری داوەتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش بەبی گویدانە هیچ پرەنسیپیك دەستیان بۆ ریسواترین و بیمایەترین سیاسەت بردووە وسەرەنجامیش خەلکیان لەکایەیەکی بیبرانەوە، بەچارەنوسیان هیناوە وبردووە. یەکیتی وپارتی بەدریژایی تەمەنی دروست بوونیان، هیچ کات سلیان لەوە نەکردۆتەوە کە شەری یەکتر و ئەحزابی تر بکەن، تەنانەت بەخاتری دەولەتانی تورکیاو ئیران و خودی رژیمی بەعس سیاسەتی پیشلەشکری کردنیان گرتۆتەبەرو سوپای ئەوانیان هیناوەتە سەر ژیانی خەلك و پەلاماری ئەحزابی پارچەکانی تری کوردستانیان داوە وشەری ئەوانیانکردووە. تەمەنیك کە ئەم حیزبانە تییان پەراندووە پرە لە "ئاشبەتال" مفاوەزەی ژیربەژیری چەند جارەیان لەگەل دەولەتی مەرکەزیدا ولەهیچ کات لەم دانیشتن و سازانەیاندا ریزی رای خەلکی کوردستانیان لانەبووە و بەناوی ئەوانەوە سات و سەودایان کردووە. لەدەورانی دەسەلاتی ئەم حیزبانەدا هەمووان ئاگاداری ئەوەین کە هەرچیان ویستبیت لەبەرامبەر خەلکیدا کردیان و کاریان گەیاندە ئەوەی کوردستان لەنیو خۆیاندا دابەشبکەن.
لەکاتیکدا فرسەت لەباربوو بۆ ئەوەی دەسەلات و دەولەتیکی مەدەنی وا دامەزرینن کەوەلامدەلاوەی ئاوات و ئارەزووەکانی خەلکی کوردستان بیت. لە دەورەی جەنگی ئەمریکاو رووخانی رژیمی بەعسدا ئەوە هەر یەکیتی وپارتی بوون کە بەپیچەوانەی خواستەکانی خەلکی کوردستانەوە جوولانەوە و بەخاتری پاریزگاریکردن لەدەسەلات و بازاری رەشیان و وەرگرتنی پلەو پایەیەك لە حکومەتی داهاتووی عیراقدا،

**دەستیان خستە نیو دەستی دەستەو تاقمی ئیسلامی و نویەنەرانی ناسیونالیزمی عەرەبیەوە و لەکەنار عەللاوی و یاوەردا راوەستان. لەهەموو ئەو میژووەدا کە یەکیتی وپارتی تییان پەراندووە و لەهەموو ئەو سیاسەت و هەلسوکەوتانەدا کەگرتویانەتەبەر تەنها یەکجرایش گەرانەوە بۆرای خەلکی کوردستان نەبۆتە مەسەلەیان و لەسەر و ئەوانەوە بریاریان داوە ویایری‌یان بەچارەنوسی خەلکەوە کردووە...**

**بەلام حسابی خەلکی کوردستان شتیکی ترە، ئەوان کەزیاتر لەنیو سەدە تەحەمووڵی ناخۆشتین رووژەکانی ژیانیان کردووە و قوربانی خۆیان لەتالترین کارەسات وتەنگانەدا بەخشیوە، چاویان لەوەیە کەچی‌تر بەهۆی کوردبووبنانەوە وەك هاوولاتی پلە دوو بەحساب نەهیندرین ولەگەل ستەمی نەتەوایەتی بەرەو روونەبنەوە. ئەوان دەیانەویت ژیانیکی ئاسودە وبەدور لەپەلامار وکوشتاری بەکۆمەل و کیمیاباران و ئەنفال ژیانی هاو ولاتی خۆیان بەرنەسەر. ستەمی نەتەوایەتی و کیشەی کورد بەلای خەلکی کوردستانەوە کیشەیەکی سیاسی تایبەت بەخۆیانە و جگەلەوان مافی هیچ حیزبیکی سیاسی نی‌یە لەسەروئەوانەوە بریاری لەسەر بدارت. وەلام بەم کیشەیە لەگۆشەی بەرژەوەندی‌یەکانی خەلکی کوردستانەوە ئەوەیە کە لەراپرسی‌یەکدا پرسیار بکری لی‌یان کە چی‌یان دەوی؟ ئایا دەیانەویت لەعیراقدا بمیننەوە وەیا جیاببنەوە و دەولەتیکی سەربەخۆ بۆخۆیان پیکبهینن؟. ئەوەی کەیەکیتی و پارتی هەرگیز ناچنەسەر ئەم ریگاچارەیە و بگرە هەردەورەیە بەبەهانەی جوراوجۆری وەك ئەوەی دۆستەکانمان لەئەمریکاو ئەوروپا دەرەنجین، یان ئەوەی ئیران و تورکیا رازی نابن!! داوای خەلکی کوردستان بۆ جیابوونەوە و پیکیهنانی دەولەتی سەربەخۆ سەرکوت دەکەن، ئەمەش ئەوە دەسەلمینی کە حسابی ئەم حیزبانە بەتەواوی لەگەل حساب و بەرژەوەندی خەلکی کوردستاندا جیاوازی‌یان هەیە....بەلام دەبی چی بکری؟**

**لەدەورەی ئیستادا کەهیشتا دامەزراندنەوەی حکومەت و دەولەتی تازەی عیراق پرۆسەیەکی نەبراوەیە و فرسەتی ئەوە بۆ خەلکی کوردستان پیکهاتوە کەئەم جارە لەریگای ریفراندۆمیکەوە ئارەزومەندانە بریاری مانەوە لەعیراقی تازەدا،  وەیا بریاری جیابوونەوە و پیکهینانی دەولەتیکی سەربەخۆ بدەن و تۆلەی ئەو بەزۆر پیکەوەلکاندنە بکەنەوە کەلەدروستبوونی دەولەتی عیراقدا بەسەریاندا سەپیندراو پاشانیش زولمی قەومی لیکەوتەوە. بەلام ئەوەی لەبارودۆخی ئیستادا بەرچاوە یاریەکی‌ترە کە یەکیتی وپارتی خەریکن بە چارەنوسی خەلکەوە دەیکەن. ئەم دوحیزبە بەپیچەوانەی خواست و ئارەزووەکانی خەلکی کوردستانەوە خەریکن خەلکی کوردستان لەریگای بەشداری کردن لەهەلبژاردنەکانی عیراقدا پەلکیشی سیناریوی شەری نیوان دەستەوتاقمی قەومی وئیسلامی دەکەن و داهاتووی خەلك دەسپیرن بەدەستور ویاسایەك کەهەر لەئیستاوە مەعلومە بەقەد سەرەدەرزی‌یەك ماف و ئازادی‌یەکان خەلك و مافی هاولاتی یەکسانی نیوان سەرجەم خەلکی عیراقی تیا بەدی ناکری. ئەمە جگەلەوەی کە کەس نازانی دەسەلاتی داهاتوو هەرکەداری دەستی گرت چ پەلامارو مامەلەیەکی خویناوی وسەرکوتگەرانە لەگەل خەلکی کوردستاندا دەکاتەوە. یەکیتی وپارتی بەهەلویستەکانی ئیستایان پشتیان لە داهاتووی ئارام و ئاسوودەی خەلکی کوردستان کردووە و لەپیناو وەرگرتنی پلەوپایە لەدەسەلاتی داهاتوودا خەریکی موزایەدەکردنن بە چارەنووس و داهاتووی خەلکی کوردستانەوە..**

**کەوایە دەبی دەستی ئەم یاری‌کردنە ببەستریت، نابی چیتر ریگابدریت چارەنووسی خەلکی کوردستان بەدەستی ئەم حیزبانە دیاری بکریت و ئەوان لەگیژاوی هات و نەهاتدا بەدیار شەرو کیشەی نیوان ئەمریکاو دەستەو تاقمی قەومی و ئیسلامی‌یەوە دابنری. خەلکی کوردستان دەتوانن هەرئەمرۆ  بە هینانە مەیدانی هیزی جەماوەری خۆیان لەدەوری‌خواستی بەرپاکردنی ریفراندۆمیك لەکوردستاندا خەباتی خویان لە سیاسەت و مامەلەی یەکیتی وپارتی جیابکەنەوە. ئەمرۆ دروشمەکانی "ریفراندم پیش هەلبژاردن " " ریفراندۆم بۆپرسی سەربەخۆی کوردستان ئایان نا؟" دەتوانی سەرلەوحەی بزوتنەوەیەکی بەرینی جەماوەری بیت لەراستای دیاری‌کردنی چارەنوسی کوردستان لەلایەن خەلك خۆیانەوە. لەمبارەوە سەرجەم لایەنە سیاسی‌یەکان، رۆشنبیران و ریکخراوە جەماوەری‌یەکان، لەپیناو خروشاندن و هینانە مەیدانی بزوتنەوەی جەماوەری لەپیناو ریفراندۆمدا بەرپرسیاریتی میژوویان دەکەویتەسەرشان و نابی بهیلریت ئەم فرسەتە لەدەست بچیت، چونکە روو داوەکانی ئیستا داهاتوویەکی تاریك بەرەورووی خەلکی کوردستان دەکاتەوە ئەگەر جەماوەری خەلك دەخالەت نەکەن لەدیاری‌کردنی چارەنووسی خۆیاندا.. بەم جۆرە ریگاچارەی مووکین و ئیستایی ریفراندۆمە. بزوتنەوەی ریفراندۆم بەدەوری ئەو دروشمانەی کە لەپیشەوە خرانە روو دەتوانی جەماوەری خەلکی کوردستان بهینیتە مەیدانی دەخالەتکردن و بریاردان لەسەر داهاتووی خۆیان و بەم جۆرەش دەرکیشانی چارەنوسیان لەدائیرەی کایەکرن و چاوەروان مانەوە بەدیار یەکیتی وپارتی‌یەوە..**

2004/11/26